# عەلی حەسەنیانی رچەشکێنی شیعری نوێ

باران

ەعدون مازوجی

سوارەی ئێلخانیزادە و عەلی حەسەنیانی (هاوار)، دوو کوچکە لە سێ کوچکەکەی شیعری نوێی رۆژهەڵاتی کوردستان، مەخابن تێر تەمەن نەبوون، 17ی بانەمەڕی 1371 کاتێك هاوار لە وڵاتی غەریبایەتی (دانیمارك) بارگەو بنەی بۆ شاری خامۆشان تێکنا، تەمەنی تەنیا 53 ساڵ بوو. ئەو لەوکاتەوەی پەنجەی پێنوس و قاچی قەدەمی گرت، بۆ ساتێك لە ئاژوان رووەو ئامانجەکانی خۆی و خەڵك و خاکەکەی نەوەستا. تێکۆشانی بێوچانی هاوار و بەشداری بەرچاوی لە بزوتنەوەی نەتەوایەتی و فەرهەنگی کوردیدا و نوسینی چەند پەرتووکی بە نرخ و سەنگی لە شیعر و رۆماندا لێکەوتەوە. هاوڕێ و هاوشانی سوارە ئێلخانی زادە و فاتح شێخ ئیسلامی (چاوە) لە کۆتایی رچەی نوێی شیعری کوردی و بزواندنی یەکەمین چاوەکانی چالاکی خوێندکاری لە کۆتایی دەیەی سی و سەرەتای دەیەی چل و هەستاندنەوەی بزوتنەوەی فەرهەنگی کورد و بنیادنانی ئەنجومەنی ئەدەبی مەهاباد، دوای نسکۆی سازان و تۆرانەکانی کورد و ناوەند لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە دەیەی شەستدا، سێ یادگاری خاوەن بەنرخی هاوارن.

بەرهەمە بەپێزەکانی ئەو شاعیر و نوسەرە فرە رەهەندە، زۆربەیان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات چاپ و بڵاوبوونەوە، کە بریتین لە:

1.شاری وێران کە کۆمەڵێك وتاری فرەچەشنە.

2.بزەی زەمەند، دیوانی شیعرەکانی هاوار. ئەو بەرهەمە دوو جاری تر، جارێکیان بەناوی گوناح و جارەکەی تر بە ناوی جەللاد لە چاپدراوەتەوە.

3.کارمامز ، رۆمان

4.دەرویش، رۆمان

5.بزەی ژیان، رۆمان

6.بێدەنگی دەریا، وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی، بەهاوبەشی سەلاحەدین ئاشتی.

7.کۆمەڵێك کورتە چیرۆك و وردە بابەتی ئەدەبی ،کە ئەو کتێبەیان چاپ نەبووە.

هەرچەند هاوار ئەوە 23 ساڵە ماڵی لە شاری خامۆشانی «هانس کریستیان ئاندێرسێن»ی کۆپێنهاگنە، بەڵام هاوارە رەواکەی هەروا لە گوێی خەڵکەکەیدا دەزرینگێتەوە. گەردنێکی ئازاد و روحێکی شاد، خەڵاتی هەتا هەتایی هاوارە لە هەر کوێیەکی ئەو جیهانە بە خاکسپێردرابێت تێیدا دەحەسێتەوە، خاوەن کۆمەڵێك شیعری جوانە، لەوانە شیعری(گوناح) وەك دەڵێت:

گوناح

شەوێکی بێدەنگ، هەوارێکی خۆش
داری سەر چاکی رازداری خامۆش
گەڵایەك وەری بە سروەی شەماڵ
سێبەر جووڵاوە بە نەرمی خەیاڵ
گەڵا سرتەی کرد:
-هەستن، درەنگە
تا کەلەبابی بەیان بێدەنگە
پەری بۆ سرتە لێك کۆبوونەوە
سێبەر بوو بە دوو، لێك جۆ بوونەوە
جار جار بە ئاورێك یەکتریان دەدی
گوناح! بەخێر چی تا جارێکی دی.

تاران 1342





# juan rulfo